# حەلاڵکردنی خوێنی ڕۆژنامەنوسان

## "جەبەروتی مەرگ و بێدەنگکردنی کۆمەڵگە"

**ئاسۆ جەبار**



ئەوانە کێن لەشەوو ڕۆژێکدا خوێنی ڕۆژنامەنوسان حەلاڵ دەکەن، کێن ئەو پیاوکوژانەی بە تەوری حیزبەوە لاپەڕەی گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان خەڵتانی خوێن دەکەن، کێن ئەوانەی بە قاپێ عارەق کەلەی ڕۆژنامەنوسان پڕدەکەن لەفیشەك، کێبوون ئەوانەی لیستی ڕەشیان بۆ ڕۆژنامەنوس و ڕۆژنامەو سایتە سەربەخۆکان دەرکرد، کێبوون ئەوانەی خەونیان بە کوشتنی یەحیا بەرزنجییەوە دەبینی، کێبوون ئەوانەی ئاسۆ جەمال موختارو نەبەز گۆرانیان خەڵتانی خوێن کرد، کێ بوون ئەوانەی خەونیان بە کوشتنی سۆرانی مامەحەمەوە دەبینی و خەونەکەیان هاتە دی و زۆر نامەردانە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا کوشتیان، ئەی پیاوکوژانە کێبوون ئێوارەیەکی دڕەنگوەخت دەستڕێژی مەرگیان لە ڕۆژنامەنوس ئامانج مەحمود کردو خۆشبەختانە نەکوژرا، کێ بوون ئەوانەی پلانی مەرگی ئەحمەد میرەیان دارشت و سەری نەگرت..؟

هەوڵی گەورەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس ئەحمەد میرە، تەنها پیلانێکی چەتەگەری و مافیاگەری نییە بۆ کوشتنی یەك ڕۆژنامەنوس، بەڵکە لەپشت ئەم هەوڵەوە پلانێکی ستراتیژی حیزبی و مافیاگەری گەورە لەئارادایە بۆ کوشتن و تەسفیەکردنی سەرلەبەری دەنگە نەیارو ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنوسە سەربەخۆکان، هەوڵی گەورەی حیزبەکان و تاقەتپڕوکێنی هێزە ئەمنییە نهێنییەکانیان و خستنەگەری سەرلەبەری هەڕەشەوگوڕەشەکانیان سودی نەبوو لەترساندن و تۆقاندنی ڕۆژنامەنوسان و ڕەخنەگران، هاوکات تێهەڵدان و ڕفاندنی چەند ڕۆژنامەنوسێکی بوێرو چاونەترس کاری نەکردە سەر پڕۆسەی ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی گەندەڵی و ڕاوڕوتی حیزبی و چەتەگەری، دەرەنجام پیاوکوژەکان و مورتەزەقەو تەسفیەچییەکانیان خستەکار بۆ کوشتنی ڕۆژنامەنوسێك کە بەپێ ئەڕواتەوە بۆ ماڵەوە، کوشتنی سەرنوسەرێکی سادەوساکار بەبێ چەك و چەقۆو فیز.

ئەم دەستە مافیاگەرو پیاوکوژو ڕۆژنامەنوسکوژانە دەمێکە بەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا ئازادانە وەك جەلاد بە شەڕواڵ و کوتەکی خوێناوییەوە، بە کەواوسەڵتەو شمشێری ژەنگاوییەوە، بە دەمانچەی زۆر بێدەنگەوە بەدوای نێچیرەکانیاندا دەگەڕێن و دەیانکوژن، هەر لەڕفاندن و لێدانی نەبەز گۆرانەوە تادەگاتە شکاندنی سەروگوێلاك و پەراسوی ئاسۆی جەمال موختارو تادەگاتە هەڕەشەو گوڕەشەکانی مەسعود بەرزانی و گاڵتەکردنی مام جەلال بە ڕۆژنامەنوسان و تادەگاتە چاوسورکردنەوەو هەڕەشەی مەسئولە داخ لەدڵ و عەنتەرو پیاوکوژەکانی حیزب، تا سازکردنی مەنجەنیقی ڕقی دەزگای پاراستن بۆ دروستکردنی لیستێکی ڕەش بۆ ڕۆژنامەنوسان و ڕەخنەگران، ئاشکرایە ئەوانەی کە ناویان لەو لیستە ڕەشەدا بوو یەك بەیەك هەوڵی کوشتن و دەمکوتکردن و مەرگیان بۆ دراوە، ئەوەبوو نەبەز گۆرانیان ڕفاندو بەقۆناغە تفەنگی شەڕی براکوژی لێیاندا، پاش ئەو ئاسۆی جەمال موختار، دواجار دەستیان ڕەقاس بوو بۆ کوشتنی شەهید سۆرانی مامە حەمە، زۆر

لێزانانە کوشتیان، ئەوانەی حیزبە پیاوکوژەکان خستویانەتە لیستی رەشەوە لەژێر چاودێریو زانیاریدان، ئاشکرایە گۆڤاری لڤینیش لەو لیستە رەشەدایە، بێجگە لەو هەڕەشانەی کە لەسەر گۆڤارەکەو ستافو نوسەرانی گۆڤارەکە هەیە، سۆرانی مامەحەمەی رۆژنامەنوسیشیان بە ناشرینترینو ترسنۆکانەترین شێواز شەهید کرد، پاش ئەوە پیاوکوژەکان دڵیان خوێنی نەخواردەوە خۆیان گورجکردەوە بۆ کوشتنی سەرنوسەر ئەحمەد میرە. ئاشکرانەکردنی ئەم دۆسییە بەڵگەیە بۆ زیندەبەچاڵکردنی سەرلەبەری هەموو ئەو هەوڵو پلانە ستراتیژیانەی کە دانراون بۆ کوشتنو رفاندنی رژنامەنوسانو رەخنەگران.

ئاسایشی سلێمانی بۆچی ئەو پیاوکوژانە ناهێنێتە سەر تەلەفیزیۆنو ئاشکرایان بکات، بۆچی نایانەوێت ناوی ئەو حیزبە پیاوکوژو رژنامەنوسکوژە ئاشکرا بکەن کە دەستیان لەخوێنی چەندین بێگوناهو گۆروون دایە.

بێدەنگی بەرامبەر کوشتنو رفاندنو هەڕەشەی مەرگ لەسەر رۆژنامەنوسانو رەخنەگران، بێدەنگییە بەرامبەر مافیاگەریو چەتەگەری حیزبیو دەستکرانەوەی ئەو بەرپرسو دەسەلاتدارانەیە بۆ گەندەڵیو رواڕوتی زیاترو تالآنخۆریو کوشتنو هەڕەشەکردنی زیاتر.

دواجار حیزبە گەندەڵو مافیاکان لەوە تێگەیشتن کە نە بە یاسا نە بە هەڕەشەو رفاندن ناتوانن بەر بە ئازادیو سەربەخۆیی رۆژنامەنوسانو نوسەرە سەربەخۆکان بگرن، ئیتر گەیشتنە ئەو قەناعەتە خوێناوییەی کە دەبێت پلانو نەخشەی ستراتیژی دارێژێنو بۆ کوشتنو گۆرونکردنی رۆژنامەنوسانو رەخنەگران.

یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری نەیتوانی ببێتە قفڵێکی ژەنگاوی بۆ دەمی رۆژنامەنوسان، نەیتوانی ببێتە کۆتوبەندێکی ئەخلاقیو حیزبیو یاسایی بۆ دوورینەوەی دەمی رۆژنامەو رۆژنامەنوسان، ئەم یاسایە بەهەوڵو رەخنەو زەلیلکردنی لەلایەن رۆژنامەنوسانو نوسەرانو رۆشنبیرە جیدییەکانەوە چەندین کۆتوبەندی ئەخلاقیو حیزبی لێکرایەوەو مەسعود بەرزانیمان ناچارکرد ئیمزای نەکات، کردمان بە هەلآیەکی گەورە لەسەری. بەلآم دواجار مافیاکانی حیزب رێگەچارەیەکی خوێناویترو بە زەبرتریان دۆزیەوە ئەویش کوشتنی رۆژنامەنوسانو هەڕشەوگوڕەشەی مافیاییو حیزبییە، دواجار خستنەگەڕی کۆمەڵێك پیاوکوژ لەلایەن چەند بارۆنێکی قاتلو خوێنرێژەوە هەنگاوێکی ترسناکە بەرەو سازکردنی رووبەرێکی گەورە لەبێدەنگیو خوێنرێژی، تەرخانکردنی سەرزەمێنێکی ترسناك بۆ گەندەڵیو حەلآلکردنی ئینسانکوژی.

داخستنی دۆسیەی کوشتنی سۆران مامەحەمەی رۆژنامەنوس، واتە داخستنی هەموو کوشتنەکانی دیکە، واتە ونکردنی خوێنی سەرلەبەری رۆژنامەنوسان، واتە گۆڕونکردنی سەرلەبەری ئەو هەڕەشەو لیستە رەشانەی کە حیزبو دەستەو تاقمە مافیاییو پیاوکوژەکان ئامادەیان کردووە بۆ کوشتنو رفاندنو هەڕەشەکردن لێیان.

لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین..ئەوانە کێن دەیانەوێت دۆسیەی کوشتنو مەرگو رفاندن دابخەن..؟ کێن ئەو عەنتەرو مافیایانەی دەیانەوێت دەستوپەنجەی خوێناوی تاوانباران بشارنەوەو بکوژانی سۆران مامەحەمە لەباخەڵی حیزبدا بشارنەوە..؟ کێن ئەو مەسئولو بەرپرسە وەهمیانەی دەیانەوێت ئەو کتێبی مەرگە بشارنەوە کە دۆسێیەی چەندین کوژراو و رفێنراو و سەرنگومکراو و ونکراوی تیادا تۆمارکراوە.

یەکێك لەو میراتە گەورانەی کە لەدیکتاتۆرە گەورەکان بەجێدەمێنێ کولتوری هەڕەشەکردنو بێدەنگکردنە، دەسەلآتە ستەمکارەکان بەرلەوەی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکەن، بەرلەوەی وڵات بکەن بە گرتوخانەیەکی گەورە، بەرلەوەی میکانیزمی کوشتنی ئۆپۆزیسیۆنو رایگشتیو میدیای ئازاد بگرنەبەر، هەڕەشەی سیاسیو ئابوری لەتەواوی کۆمەڵگەو گروپە رۆشنبیریو فەرهەنگییو دەنگە جیاوازەکان

دەکەن، هەڕەشە لەخوێندکارو مامۆستاو رۆشنبیرو رۆژنامەنوس و نوسەرو رەخنەگران دەکەن، بەلاَم لەپشت ئەم هەڕەشەو چاوسورکردنەوەیەوە هێزێکی گەورەی سەربازی و میلیشیایی و دەزگای نهێنی بەناوی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییەکان ئامادەباشکراوە بۆ چاودێریکردنی تاکەکەس و رۆژنامەنوس و رۆشنبیران و سەرلەبەری کایەو دەزگا فەرهەنگی و میدیایی و کۆمەلاَیەتییەکان.
ئەم هێزانە تەنها هێزەگەلێکی چاودێرکارو وردەکار نین، بەڵکە هێزگەلێکی ئامادەباشن بۆ سازدان و کۆنترۆڵکردن و خامۆشکردن و هێزێکن بۆسازکردی پانتاییەکی گەورەی داگیرکراو و بێدەنگکراو.

## قەپاڵی حیزب و غەبغەبەی هەڕەشە

لەڕاستیدا ئەوەی لەگەندەڵی و ناعەدالەتی و ستەمکاریی دەمێنێتەوە نیشتیمانێکی جوان نییە، بەڵکە پاشماوەی ئەو کەلاکە ئابوریی و فەرهەنگی و شارستانیەیە کە سەرلەبەری جەستەی جێی قەپاڵی حیزب و بەرپرس و هێزە نهێنییەکانە، وەکچۆن بەرماوەی گەندەڵی و تالاَنخۆری بێجگە لەنیشتیمانێکی وێران و موحتاج لەرووی ئابوریەوە، بێجگە لەکۆمەڵگەیەکی هەژار لەرووی ژیانەوە هیچی تر نییە، ئەوەی لەقەپاڵی دڕەندەکانی ناعەدالەتی و دەرەبەگە سیاسی و ئیدارییەکان دەمێنێتەوە تەنها دەزگاگەلێکی بەتاڵ لەپرۆژە، بەلاَم پڕ لەوەهم، بەتاڵ لەخەون بەلاَم لێوانلیۆ لەبەڵێن و چەواشەکاری، سەرزەمینێکی خاڵی لەنەزاهەت و خەمخۆری، بەلاَم لێوان لەبێمتمانەیی و نادڵنیای و غەمگینی و رەزالەتی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و رۆشنبیری و شارستانی.
رەنگە سەیر بێت بەلای هەندێك خوێنەرەوە كە من لەم نوسینەدا وشەو دەستەواژەی سەیرم بەکارهێناوە، بەلاَم ئەم نوسینە ئیشکردنە لەسەر عەقڵیەتی عەنتەریاتخۆری و گەندەڵخۆری و کۆمەڵگەخۆری لەلایەن قەپاڵی حیزب و بەر ورگی مەسئولە تالاَنخۆرەکانەوە.
ئایا سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و رێپێوانەکان ناکاتە ئەوەی کە ئێمە لەژێر سایەی دەسەلاَتێکی پۆلیسی و نادیموکرات داین، ئایا داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە رۆشنبیری و فەرهەنگییەکان لەلایەن حیزب و دامەزراوەکانیانەوە بریتی نییە لەپێشێلکردنی ئازادی رادەربڕین، ئایا بوونی پەرلەمانێکی بێدەنگ و قسەنەکەرو خەمخۆری گیرفان و پەرلەمانێك کە توانای لێپێچینەوەو لیپرسینەوەی نییە لەسەروەت و سامانی بێئەندازەی ئەو هەموو بەرپرسە عەنتەرەی حیزب کە کەس نازانێت چۆن بوونەتە زەنگینترین پیاوانی دنیا، سەرباری ئەوەی دەسەلاَتی کوردی دەسەلاَتێکی داخراو و ناشەفاف و ناعادیل و گەندەڵە، دەسەلاَتێکیشە بەوە ناسراوە لەدنیادا کە یەکێکە لەو دەسەلاَتانەی کە مافی مرۆڤ پێشێلدەکات و حساب بۆ رایگشتی و رەخنەگران و رۆشنبیران و رۆژنامەو هاولاَتیان ناکات بەگشتی(بەپێی راپۆرتەکانی یونامی و دەزگای هەواڵگیری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو راپۆرتی رێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی). هاوکات هەردوو حیزبی دەسەلاَتدار بوونەتە دوو هێزی داگیرکارو دەرەبەگ و دیکتاتۆر بۆ داگیرکردنی ئابوری و کۆمپانیاو رێکخراوەکان و سەرلەبەری دەزگا رۆشنبیری و فەرهەنگییەکان و دەزگاکانی چاپ و بلاَوکردنەوە. ئائەمەیە ئەو مۆدێلە دیموکراسییەی کە سەرکردەو بەرپرسە حیزبییە مورتاحەکانی حیزب تەلەفیزیۆن و رۆژنامەکانی خۆیانیان لێ پڕکردووە لەهاشوهوشی دیموکراسی و بازاڕی ئازادو مافی مرۆڤ و شتی لەوجۆرە. ئەم مۆدێلە بە حساب

دیموكراسییەی كە لەهەرێمی كوردستاندا هەیە چەند دووره لەدیموكراسیو مافەكانی مرۆڤەوه دەئەوەندەش نزیكە لە دیكتاتۆرییەتو دەسەڵاتی پۆلیسیو نهێنییەوه.
دیكتاتۆرەكان خولقێنەری سنوری پۆلاڕێژو قفڵی گەورەن بۆ ئازادی رادەربڕین.
ئەوانەی باس لەدیموكراسیەت دەكەنو مافی مرۆڤ پێشێلدەكەن، ئەوانەی سەرلەبەری كەناڵەكانی راگەیاندن پڕدەكەن لەهەراوهوریای ئازادیو قیرەقیری خزمەتگوزاریو لەكاتێكدا ناتوانن سادەترین خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاوڵاتیان دابینبكەن، هاوكات پێشێلكارێكی راستەقینەی ئازادی رادەربڕینو ئازادی قەڵەمەكانمانن. دواجار ئەم هێزو دەسەڵاتانەش دەتوانن سنوری ئاشكراو نهێنی بۆ ئازادی دروستبكەن.
كۆمەڵگەو كولتوریش دوو هێزی مەترسیامێزن بۆ مینرێژكردنی ئازادییەكانی تاكەكەسو گروپەكان.
وەزیرێكو پەرلەمانێكو مەلایەكو خوتبەبەێژێكو حیزبێكو بەرپرسێكو سەرۆكێك پێكڕا هەموو ئەمانە بەجیاو بەهەماهەنگی دەتوانن سنوری ناشارستانی بۆ ئازادییەكانی رادەربڕین دابنێن.
ئەوەمان لەبیرنەچێت دەسەڵاتو حیزبەكان لەم پارچە خاكەدا خاڵێن لەسیاسەتو سازكردنی پڕۆسەی سیاسیو دبلۆماسیەت، بەڵام لێوانلێون لەحیكایەتو یادەوەریو بێئەندازەش توانای ئەوەیان هەیە لەسەر بەربومەكانی رابردوو بژینو مانەوەی خۆیان مسۆگەر بكەن.
هاوكات نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێكی فەرهەنگیو رۆشنبیریو شارستانی بووتە رێخۆشكارێكی بەهێز بۆ ئەو دەسەڵاتە كۆنپارێزو نابەڵەدانەی كە نە حساب بۆ رایگشتی دەكەن نەحساب بۆ رەخنەو پێشنیارو روانینو دنیابینییە جیاوازەكان دەكەن.
كۆمەڵگەی زیندوو كۆمەڵگەی ئازادییە راستەقینەكانە، كۆمەڵگەی مردووش كۆمەڵگەی ستەمكارییە راستەقینەكانو بێدەنگخانەیەكی گەورەوگرانە بۆ دروستبوونی دیكتاتۆرو كوشتنی رایگشتیو بیروڕای ئازاد.
كۆمەڵگەی بێدەنگ بەرامبەر ناعەدالەتیو گەندەڵیو كوشتنی رۆژنامەنوسەكانی، دەرەنجام دەبێتە كۆمەڵگەیەكی زەلیلو موحتاجو دەستەمۆ لەبەردەم جەبەروتی حیزبو قەپاڵی حیزبدا، دەبێتە ناشرینترین كۆمەڵگە لەرووی كولتوریو شارستانییەوه.
حەڵاڵكردنی خوێنی رۆژنامەنوس، واتە حەڵاڵكردنی مەرگو پیاوكوشتن، واتە حەڵاڵكردنی بێدەنگیو ستەمكاریی. واتە ئەوەی یاساو كۆتوبەندی ئەخلاقیو حیزبیو ئاینیو كولتوری ناتوانێت بێدەنگی بكات، پیاوكوژەكان دەتوانن بێدەنگی بكەن، عەنتەرەكانی حیزب بێدەنگیان دەكەن. بەڵام بە پێچەوانەوه هیچ كاتێك زەبرو كوشتنو هەڕەشەكردن نەیتوانیوه تاسەر رۆژنامەنوسانو رەخنەگرانو رۆشنبیرانی سەربەخۆ بێدەنگ بكاتو قفڵ بدات لەدەستو دەمی نوسینو ئازادی قەڵەمەكان.